# عیشق و کچی کورد

سەردار عەزیز

عیشق: پرۆسەی کرانەوەیە. کرانەوە هەردەم دوفاقەیە؛ لە کاتێکا ڕێگەدانە بە خود بۆ ئەوەی برواتە دەرەوەی خۆی، لە هەمانکاتدا ڕێگەدانە بەئەوی تر بۆ هاتنە ژورەوە. ئامادەبوون بۆ چونە دەرەوە لە دۆخێکدا رام ئەبێ کە خود تیایا لە ناسنامەی خۆی بەئاگاو، دڵنیابێت. لێرەوە ئەو خودەی کە ئامادەیە برواتە دەرەوە، ئەو خودەیە کە خۆی ناسیوە و لە گەڵ خۆیدا لە ئاشتیدایە.

ڕێگەدان بەئەوی تر بۆ ئەوەی بێتە ژورەوە، لە ساتەوەختێکا دەبێ کە خود بزانێ لە گەڵ چ جۆرە بونێکا دەتوانێ بکەوێتە گفتوگۆ و گۆرینەوەی نهێنیەکان. ناسینی ئەویتر لە پاش ناسینی خود دێت. بۆیە ئەوکەسەی کە خۆی ناناسێ رۆژێک کراوەیە و رۆژێک داخراو، لە ئەنجامدا نا دڵنیای و رارایی تەنها دەرئەنجامە.

ئەم پرۆسەی کرانەوەو ناسینە؛ لە دونیادا ڕوودەدات. دونیایەک کە کات و شوێن دوو جەمسەری بنەرەتی پێک ئەهێنن. کەسێک لە چ سەردەمێکا (مەبەست لە سەردەم لێرە سەردەمی کۆمەڵایەتیە) ئەژی و لە چ جێگایەکدا ئەژی کاریگەریەکی زۆریان هەیە لە سەر ئاستی ناسین و کرانەوە.

عیشق لە ئەدەبیاتی کوردیا هەردەم بابەتێکی نۆرماتیڤ بووە. بابەتێکە زۆری دەربارە گوتراوە؛ بەڵام بیری لێنەکراوەتەوە، پرسیاری دەربارە نەکراوە. عیشق لە کۆمەڵگادا لە رووی پراکتیکەوە نابێت ڕوودبدات. ئەوەی لێرەدا من زیاتر لە سەری ئەوەستم، ئەو عیشقە کلاسیکە نیە، کە لە ئەنجامی بینینێک یان تیلەی چاوێک، دروست دەبێ، بەڵکو عیشقی ئەو نەوەیە کە چەند هەنگاوێک سنورەکانی کلاسیکیەتی جێهێشتووە بەڵام لە هەمانکاتدا وا هەست ئەکات ڕووبەڕووی بیابانێک بووەتەوە کە نازانێ بەرەو کوێ هەنگاو هەڵهێنێ.

ئەم بوونەوەرە کە نەوەی خوێندەوارن لە قەیرانێکی بێبروایدا ئەژین. ئەم بێبڕواییە هۆکاری کۆمەڵایەتی خۆی لە پشتەوەیە، کە رەگی لە پەیوەندیە تەقلیدیەکەی نێوان نێرومێینەدا هەیە لە کۆمەڵگایی ئێمەدا. پیاو جێی بروا نیە چونکە پیاو ستاتۆی ڕاوکەری هەیە و ئافرەتیش نێچیر. ئافرەت هەردەم لەو ڕوانگەیەوە هەڵسوکەوت ئەکات بۆ ئەوەی ببێتە مایەی سەرنج و پاشان ڕاوبکرێ. ئەم شێوازی پەیوەندیە سیستەمێکی هێناوەتە گۆرێ کە یەکترناسین تیایدا مەحاڵە. بەتایبەت لە کۆمەڵگایەکا کە ئافرەت تەنها بۆ ماوەیەک ئەتوانێ چاوەروانی ڕاوکەری گونجاوبکات، پاشان دەبێ چۆک دادات نەبادا قەیرەبێت، گەورەبێت، یان تەنها بێت!

کاتێک کچ لەم سیستەمە دێتە دەرێ لە دونیایەکا خۆی ئەبینێتەوە کە پێی نامۆیە، هیچ شتێ تیایە بە زمانی ئەو نادوێ. کێشەی زمان، کە تەنها ئامرازی پەیوەندیە بۆ یەکترناسین، کێشەیەکی هاکەزایی نیە. رۆڵی زمان، وەک لاکان ئەڵێ، تەنها ئەوە نیە زانیاری بگوێزێتەوە. ئەوەی من لە قسەکردنا بەدوایا ئەگەرێم وەڵامی ئەویترە. ئەوەی من بونیادئەنێ وەک بابەتێ پرسیارەکانمە. هەبوونی توانا بۆ بەکارهێنانی زمان بە ئاراستەیەک کە دەربری خود بێت، چ لە رووی هەست و چ لە رووی ڕاشناڵەوە پرۆسەیەکی ئاڵۆزە. ئەگەر عەشق کرانەوە بێت بەرامبەر ئەویتر ئەوا زمانی عەشق هەردەم زمانی دان پیانانە. دانپیانان هەردەم چەند ڕوویەکی هەیە. قەشە ئۆگەستین دانپیانانەکانی رەنگە کۆنترین دەقی نوسراوی لەم شێوازە بێت بەدەستمان گەشتبێ. ئۆگەستین لە ڕێی دانپیانانەکانیەوە لە یەک کاتدا دوو ئەنجام ئەپێکێ، یەک ناسینی خوا، لەڕێی چیرۆکی خۆیەوە، دوو ناسینی خۆی لە ڕێی ناسینی خوداوە. بەڵام سەرەرای هەموو ئەمانە ئەو بابەتەکەی بۆ ئەوە ئەنوسێتەوە ئەویتر بیخوێنێتەوە، چونکە لە ڕێگەی گوێگرتن یان خوێندنەوەی ئەوانی ترەوە ئەو لە هەموو خراپەکانی پاک ئەبێتەوە. کەواتە دانپیانان پاکبوونەوەیە، لە هەمانکاتدا ئاشتبوونەوەیە لەگەڵ خودو ئەویترا.

کچی کورد ناتوانێ بگاتە ئاستی دانپیانان، چونکە نە ئەو توانایە هەیە و نە بەرامبەرەکەش ئامادەیە. (دانپیانان یانی باوەڕبوون بە تەنیایی خود لە بەرامبەر دونیادا، لە هەمانکاتدا توانای کردنی خود بەبابەت، ئەویش تەنها لە ڕێی جیابوونەوەوە دەبێ لە خود. لێرەوە زمانێک دێتە ئاراوە، بە پێچەوانەی تێروانینەکەی لاکان، زمانێکە لە هەناوی خۆیا پرسیارو وەڵامی هەڵگرتوە، بەڵام هەردەم عەودالی ئەوەیە لەکوێدا، لە کێدا هەمان وەڵام بدۆزێتەوە). بۆیە ئەوەی ناوی ئەنرێ عیشق لەکۆمەڵگای ئێمەدا؛ نە ئەبێتە هۆی خودناسین، نە ئەبێتە هۆی ناسینی ئەویتر. بەڵکو ئەوەی پێی ئەوترێ پەیوەندی پێویستیەکی غەریزەییە، کە لە سەر بنەمای خەیاڵ بونیادنراوە. خەیاڵێک کە دەرئەنجامی بێبەری بوونە نەک تێگەیشتن، بۆیە پەیوەندی پاش عەشق زۆرجار پەیوەندیەکی سەرنەکەوتوە.
ئەگەر عیشق هاتنەدەرەوە بێت، ئەوا هاتنە دەرەوەیە لە تایبەتەوە (پرایڤت) بۆ گشت (پۆبلیک). ئەوەی ئاشکرایە عیشق بە تەنها نابێت. هاتنە دەرەوە بۆ پۆبلیک پرۆسەیەکی سیاسیە، بۆیە عەشق بۆخۆی سیاسەتە، یەکێک لە دروشمە ناسراوەکانی بزوتنەوەی فیمینزم ئەوەیە کە تایبەتیش هەروەها سیاسەتە. ئەگەر ساتێک بگەڕێنەوە بۆ هێگڵ، ئەوا ڕەنگە چەمکی ئارەزووی ئارەزووکردن یارمەتیمان بدات. لای هێگڵ مێژووی مرۆڤ بریتیە لە هەوڵدانی مرۆڤ بۆ ئەوەی لەلایەن ئەوانی ترەوە وەک ئەوەی خۆی ئەیەوێ ئارەزووبکرێ. بەڵام کەسێک بۆ ئەوەی بتوانێ بگاتە ئەو ئاستەی کەوەک ئەوەی خۆی پێیخۆشە لەلایەن ئەویترەوە ئارەزووبکرێ، دانی پیابنرێ، ئەوا دەبێ لە ناسنامەی خۆی دڵنیابێت و توانای ئەوەی هەبێ کە کارگێری ئارەزوو هەڵسوکەوتەکانی بکات.
کەواتە عیشق و بوون ئاوێزانی یەکترین، تەنها ئەوانەش عاشق دەبن کە لەبوونی خۆیان بە ئاگان، بە چەمکە هایدگەریەکەی لە ساتەوەختی دازاین-دان. بەڵام بەلای نێگرێوە عیشق، بوون، بونیاد ئەنێت. یان بەمانایەکی تر لە ڕێگای عەشقەوە ئەتوانین بوونی خۆمان بونیادنێین، بۆیە عیشق و بوون دوو هێڵی هاوتەریبن. تیایا کەسی عاشق ئەتوانێ لە نێو ئەوانی ترا بێت و خۆی بێت، هەموو ڕێگاو ئاراستەکانی لەلا روون بێت.

بەڵام بۆ ئەوەی کرانەوە رووبدات، دانپیانان رووبدات، بوون ببێتە جێی مەبەست؛ دەبێ مرۆڤ لە تاکێتی خۆی دڵنیابێت. تاکێک کە سەربەخۆیە لە نێو ئەوانی تردا. کۆمەڵگایی ئێمە وەک کۆمەڵگایەکی نەخۆش لە هەموو روویەکەوە ڕێگە بە هیچ لە مانە نادات.
لەبەرئەوە پرۆسەی پێکەوەبوون لە کۆمەڵگای ئێمەدا، بریتی نیە لە پێکەوەبونی دوو بوون، کە هەریەکەیان خاوەن خەسڵەتی خۆی بێت، بەڵکو بریتیە لە پێکەوە نوسانی دوو تەن، بۆ بە ئەنجام گەیاندنی هەندێک ڕێتمی کۆمەڵایەتی. لێرەوە پێکەوەبوون مەرگی عەشقە، مەرگی لەیەک گەیشتنە؛ ئەو ساتەوەختەیە کە تاکەکان دەست لە بوونی خۆیان هەڵئەگرن بۆ ئەوەی درێژە بە ڕێتمە کۆمەڵایەتیەکان بدەن. (لە کوردوستان هەندێک لاو پێیان وتم کە پاش ژن هێنانیان زیاتر بەدوای عەشقا ئەگەڕێن چونکە هیچ عەشقێ لە ماڵەوەدا نابینن). هەر ئەمەیە لە هەمانکاتدا کێشەیەکی ئەنتۆلۆژی خولقاندوە ئەویش نەفرەتکردنە لە بوون. ئەو دادگا بێبەزەییەی کە کۆمەڵگا بۆ ئەندامەکانی داناوە باشترین گەواهی ئەم قەیرانەن.
بەڵام ئەو نەوەیەی کە لێرەدا جێی مەبەستە دەیەوێ هەبێ، بۆیە لە بەرامبەر ئەمەدا باجێکی گەورە ئەدات، بەوەی نە ئەتوانێ بە ئاگابێتەوە لە ناسنامەو دونیای تایبەتی خۆی نە ئەتوانێ بگەڕێتەوە بۆ پەیوەندیە کلاسیکیەکە. بۆیە ئەم نەوەیە لە گەڵ ئازارو ژیانێکی خەمۆکیدا ئاوێزان بوون.
لە نێوان جێهێشتن و نە گەشتندا دۆزەخێک پێک هاتووە. دۆزەخێک کە لەگەڵ مەنفادا سیمایان لە یەک ئەچێ. مەنفا بریتیە لە جێهێشتنی شوێنێک و نەگەشتن بە شوێنێکی تر. بەو مانایە لە دەستدانی پەیوەندیە لەگەڵ شوێندا. شوێن کە وەک لە سەرەوە ئاماژەمان بۆ کرد یەکێکە لە پێکهێنەرە

سەرەکیەکانی دونیا. لێرەوە سیستەمە کۆمەڵایەتیەکان تێک ئەچن، نە ماڵ شوێنی ئارامیەو نەدەرەوەش. ئەم دۆخی غوربەتە دەکرێ ببێتە هەوێنی جوانترین دەق، ناسکترین بابەت، ئەگەر بێتو لە رۆحێکەوە بێت کە ئاشنا بێت بە مەعریفە، توانای هەبێ غەمەکان وەک پشیلە دەستەمۆکات. شیعرەکانی شاعیری ئێرانی فەروغی فەروخ زاد بۆیە هێندە ناسکە لەم گۆشەنیگاوە دێت؛ ئەو لە شیعری دڵم بۆ باخچە ئەسوتێ، ناتەبایە لەگەڵ هەموو ئەوانەی لەگەڵیا ئەژین؛ بۆیە ئەو خۆی وەک قوتابیەک شێتانە عەشقی وانەی ئەندازە بێت، هەردەم تەنیایەو بیرئەکاتەوە. مرۆڤی تەنیا لای سۆکراتی، یان شێت بوو یان خودا، نیتشە هات فەیلەسوفانیشی بۆ زیادکرد، بەڵام لەم سەردەمەدا کاتاگۆریەکی تریشی ئەچێتە سەر ئەویش نامۆیە.